## سەروتاری (Washington post)

### پشودرێژیی دانایانەی تورکی

### پەلاماردانی باکووری عێراق، کەس قازانجی لێ ناکات، سەرەڕۆیەکانی کورد نەبن

سێشەممە، 23ی ئۆکتوبەری 2007

سیار محمەد سالح کردوویە بە کوردی

ئەمە تەنیا پشودرێژیی دەوڵەتداران نیە، یان تەنیا بەدەنگەوەهاتنی داواکاریی ئەمریکی و ئەوروپی و عەرەبیی نییە کە تا رادەیەك رێگەی لە تورکیا گرتووە پەلاماری سەربازیی باکووری عێراق بدا. رەجەب تەیب ئۆردوگان-ی سەرۆکوەزیران و فەرماندە سەربازییەکانی چاك درکیان بەوە کردووە کە ئۆپەراسیۆنێکی ئاوا بەقازانجی پارتی کرێکرانی کوردستان، پەکەکە، دەشکێتەوە، ئەو گروپە یاخیبووەی کە خۆی لە ناوچەیەکی شاخاوی هەزار بەهەزار ناوە بەدرێژایی سنووری تورکیا-عێراق. رۆژی یەکشەممە، لە پەلامارێکی پەکەکەدا، 12سەربازی تورك کوژران و 8یش گیران، ئەگەر تورکیا پەلاماری بدابایە، ئەوا زیانی تورکیا لەوەش زۆرتر دەبوو. لەکاتێکدا چانسی تەختکردنی بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لەناو عێراقدا کەمە. هەروا دەسکەوتی تورکیاش بۆ هێنانەوەژێرباری دانیشتوانە کوردیە ئێتنیەکەی خۆی – بەشێکی زۆری ئەو دانیشتوانە لە دوا هەڵبژارندا، دەنگیان بۆ حزبەکەی بەرێز ئۆردوگان دا - لەبار دەچێ.

لە راستیدا تورکیا دەیەوێ فشار بخاتە سەر ئەمریکا و عێراق کە کارێك لە دژی پەکەکە بکەن. دیپلۆماتەکانی تورك دەڵێن سوپای ئەمریکا و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەرپرسیارن لە جڵەوگرتنی یاخیبووە کوردەکان و وەسیلەو دەستاوێژی ئەوەشیان لەبەردەستە. بەشی یەکەمی ئەو ئەرگیومێنتە، بێ سێ و دوو راستە، هەندێ لە بەرپرسانی ئەمریکی دان بەوەدا دەنێن کە ئیدارەی بۆش لەوانەیە فشاری پێویستی نەخستبێتە سەر هاوپەیمانە کوردە عێراقییەکانی کە لە دژی پەکەکە جولەو بزاوتێك بکەن. مخابن، بەشی دووەمی ئەو ئەرگیومێنتەی تورکی، قسە هەڵدەگرێ. چونکە ئەوە روون نیە کە داخوا هێزەکانی کورد لە باکووری عێراق ئەو شنگ و توانایەیان هەیە کە دەرەقەتی گەریلاکانی پەکەکە بێن، لەوەش دەگەین کە فەرماندەکانی ئەمریکیش لە بەغدا پێیان خۆش نیە یەکە ئەمریکییەکان کە بۆ خۆیان کەوتوونەتە ژێر فشارێکی زۆرەوە، لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە قاعیدە و میلیشیاکانی شیعە، بەرەو بەرەیەکی تر ببەن.

راستییەکەی، ناکرێ وا خێرا هەڕەشەی پەکەکە بە رێوشوێنی سەربازی لە بەین ببردرێ. سەرکردەکانی کوردی عێراق، نەمازە سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی، فشار دەخاتە سەر پەکەکە کە ئۆپەراسیۆنەکانی خۆی لەناو عێراقدا رابگرێ و دیلەکانی تورك ئازاد بکا. پێویستە ئیدارەی ئەمریکا بۆ بەرێز بارزانی خویا بکات کە فشار نەخستنەسەرێکی وا، پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و کوردستان دەخاتە مەترسییەوە. لەهەمانکاتدا بەرێز ئۆردوگان دەبێ لە چاوەڕوانییەکانی وڵاتەکەی و تێبینییەکانی خۆی کەم بکاتەوە کە تا چەند دەکرێ، ئێستا وا بلەزو راستەوخۆ بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لە عێراق لەناو ببرێن- لەگەڵ ئەوەشدا، گروپە یاخیبووەکەی تورکیا چەند دەیەیەکە چالاك و بەگوڕە. بۆ هێنانەدی ئەمە، هاریکاری لەنزیکەوەی نێوان تورکیا و دەسەڵاتی کوردی عێراق پێویستە، هەروا ئۆپەراسیۆنی کارای زۆرتر لەناو تورکیا و ریفۆرمی سیاسیی زۆرتر لەناو هەردوو وڵاتدا.